زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی هونەرە جوانەکان

بەشی سینەما و شانۆ

قۆناغی چوارەم - شانۆ

# ڕۆڵی ڕوناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

لەبواری شانۆ

ئامادەکردنی قوتابی

أسامة غازی مراد

بەسەرپەرشتی

د. ژیلوان طاهر باپیر

سالی خوێندنی

٢٠٢١-٢٠٢٢

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | ناوەڕۆک |
| ب | سوپاس و پێزانین |
| ج | پێشکەشە بە |
| د | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ١ | پوختە |
| ٢ | پێشەکی |
| ٣-٥ | بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی (الإطار المنهجی) |
| ٣ | گرفتی توێژینەوە |
| ٤ | گرنگی توێژینەوە |
| ٤ | ئامانجی توێژینەوە |
| ٥ | میتۆدی توێژینەوە |
| ٥ | سنوری توێژینەوە |
| ٦-١٣ | بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە (الإطار النظري للبحث) |
| ٦ | تەوەرەی یەکەم: شێوازی بەکارهێنانی ڕوناکی لە شانۆی کۆندا |
| ٨ | تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی ڕوناکی و ڕەنگ لە شانۆی نوێ دا |
| ١٠ | تەوەرەی سێیەم: تەوەرەی ڕەنگدانەوەی ڕووناکی و ڕەنگ لە شانۆی ژیاندا: |
| ١٢ | تەوەرەی چوارەم: پەیوەندی نێوان ڕوناکی و ڕەنگ بە ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا |
| ١٦-١٩ | بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی توێژینەوە |
| ٢٠-٢١ | بەشی چوارەم: دەرئەنجام و پێشنیازەکان |
| ٢٠ | یەکەم/ دەرئەنجامەکان |
| ٢١ | دووەم/ پێشنیازەکان |
| ٢٢ | سەرچاوەکان |

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش دەکەم بە گشت مامۆستایانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان چونکە زۆر هاوکار و ماندوو بوون لەگەڵم لەم چوار ساڵەی خوێندنم دا، هەروەها سوپاس و پێزانینی بێ پایانم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم بەڕێز (د. ژیلوان طاهر باپیر) بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

**پێشکەشە بە:**

- پێشکەشە بە ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان و سەرۆکی بەشی سینەما و شانۆ.
- پێشکەشە بە گشت مامۆستایانی بەشی شانۆ بەتایبەتی مامۆستای سەرپەرشتیار.
- پێشکەشە بە هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی لە ماوەی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هاوکار و هەماهەنگ بوون لەگەڵم.

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە لەژێر چاودێری من دا بووە لە زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی هونەرە جوانەکان/ بەشی شانۆ، پێشکەش کراوە بە مەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە شانۆ.

واژووی سەرپەرشتیار

د. ژیلوان طاهر باپیر

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕووناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا) توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتیە لە چوارچێوەی میتۆدی کە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت (گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە و سنوری توێژینەوە).

بەشی دووەم پێکهاتووە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە کە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت (تەوەرەی یەکەم: شێوازی بەکارهێنانی ڕوناکی لە شانۆی کۆندا، تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی ڕوناکی و ڕەنگ لە شانۆی نویێ دا، تەوەرەی سێیەم: پەیوەندی نێوان ڕوناکی و ڕەنگ بە ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا).

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە جێبەجێکردنی توێژینەوە.

هەروەها بەشی چوارەم پێکهاتووە لەو دەرئەنجام و پێشنیازانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

## پێشەکی

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی هونەر بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەر لە سەردەمی گریکەکانەوە تاکو ئەمڕۆ، ڕوناکی و ڕەنگ ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە ژیانی کۆمەڵگا و سەرجەم هونەرە جوانەکان، ڕوناکی جیهانی ڕۆشن کردۆتەوە و ڕەنگەکانیش وەکو هێمایەک کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر هەست و سۆزی مرۆڤ. لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیەوە ڕوناکی و ڕەنگ پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە لە ڕازاندنەوەی شەقامەکان و گۆڕەپان و سەرجەم شوێنە گشتییەکانی شاردا. لە تابلۆی شێوەکاری و وێنەی سینەمایی و سینۆگرافیای شانۆدا ڕوناکی و ڕەنگ چەندین دەلالەت دەبەخشن و ئاماژەن بۆ چەندین ڕەمز و هێما لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی. پەیوەندی نێوان ڕوناکی و ڕەنگ وەکو پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خاک و نیشتیمانە چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین لە پێکهاتەی بونیادی درامی، لە سینۆگرافیای شانۆدا سەرجەم ڕەگەزەکان لەمییانی ڕوناکی و ڕەنگەوە تیشک دەخەنە سەرجەم ئامرازەکانی وێنەیی، لە نمایشی شانۆیی دا، ڕوناکی و ڕەنگ دوو ڕەگەزی گرنگن لە بونیادی درامی، کە بەشداری دەکەن لە سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری. لە ژیانی ڕۆژانەشدا سەرجەم کەرەستەکانی ناو ماڵ و بازاڕ بە ڕەنگ ڕووپۆش کراوە بۆ ئەوەی بەپێی حەز و ئارەزووی مرۆڤەکان ڕەنگ هەڵبژێرن و بەکاری بهێنن و بتوانن هەستی ڕەنگیان تاقی بکەنەوە، ڕوناکی ڕۆشنکەرەوەی ژیانە، ڕوناکی تیشکی خۆر و مانگ و ئەستێرەکان ڕوناکی سروشتین، سروشتیان ڕازاندۆتەوە و کات و شوێنیان دەستنیشان کردووە وەکو تێپەڕاندنی کاتەکانی شەو و ڕۆژ بە هەمان شێوەی ڕوناکی دەستکرد توانیویەتی دونیا بڕازێنێتەوە، چێژ ببەخشێت بە ژیانی مرۆڤەکان، تەوزیف کردنی ڕوناکی و ڕەنگ لە ژیان و هونەردا پێویستە لەسەر بنەمایەکی هونەری بێت، ئامرازێکە بۆ ڕۆشن کردنەوەی دڵ و دەروون و هەست و سۆزێکی ئارام دەبەخشێت بە ناخ هەربۆیە پێویستە بە گرنگیەوە سەیری ڕوناکی و ڕەنگ بکرێت.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی

**گرفتی توێژینەوە:**

هەر لە شانۆی گریکەکانەوە تاکو ئەمڕۆ ڕوناکی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، لەبەرئەوەی لە شـانۆی کۆنـدا تـاکو کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەهەم کارەبـا نەدۆزرایەوە، هەربـۆیە لە سـەرەتای دەسـپێکی بـزووتنەوەی شـانۆوە تـا ئەو کـاتەی ووزەی کارەبـا داهێنـرا شـانۆ تووشـی چەنـدین گیروگرفت بوو، بۆ ئەم مەبەستە لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکاندا پەنایان بۆ چەندین سەرچاوەی ڕوناکی دەبرد وەکو بەکارهێنانی (مەشخەڵ، چرا، فانۆس، لۆکس، مۆم...هتد). بەکارهێنـانی ئەم سـەرچاوانە بە مەبەسـتی ڕونـاککردنەوەی تەخـتەی شـانۆ وەکـو پێویسـت نەبـوو چـونکە ئەم سەرچاوانەی ڕووناککردنەوە نەیاندەتوانی بەتەواوی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیای سـەر تەختەی شانۆ بە بینەران ئاشنا بکەن. سەرجەم ڕووناکیەکان کز و لاواز بوون هەر بۆیە گرفتی زۆری بۆ دەرهێنەر و ئەکتەر و هونەرکاران دروست کردبوو، لەگەڵ ئەوەشـدا شـانۆ هەر بەردەوام بـوو قۆنـاغ دوای قۆنـاغ بەرەو پێشــەوە هــات لە ژێـر ڕۆشــنایی ئەم تەکنـیکە ســاکارانەی ڕوونـاککردنەوەی تەخـتەی شـانۆ داهێنـانی شـانۆیی بەردەوام بـوو بەڵام نەیـدەتوانی چێژێکـی تەواو ببەخشێت بە بینەران. بەکارهێنـانی ئەم تەکنیکە سـاکارانە بۆ ڕووناککردنەوەی تەختەی شـانۆ زۆرجـار دەبـووە هـۆی ئـاگر هەڵگیرسـان لەسـەر تەخـتەی شـانۆ هەربـۆیە مەترسـییەکی زۆری هەبوو بۆ نمایشکاران و بینەران، شانۆ بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا ئەو کـاتەی ووزەی کارەبا داهێنرا و دۆزرایەوە، بەشێوەیەکی گشتی گرفتی ڕووناکی شانۆیی لە سەرەتای سـەدەی بیسـتەم لە هەمـوو شـانۆکانی جیهانـدا کۆتـایی پـێ هـات، لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا شانۆش توانی بەرەو پێشـەوە بڕوات، ڕوونـاکی هـۆڵ و سـەر تەختەی شانۆ بە جوانترین شێوە ڕۆشن بکرێتەوە، لە ئێستادا تەکنیکی ڕووناکی و ڕەنگ وەکو دوو ڕەگەزی گرنـگ لە بونیـادی نمایشـی شـانۆیی ڕۆڵـی گرنـگ دەبینـن وە بەشـێکن لە ڕەگەزە

گرنگەکانی سینۆگرافیای شانۆیی، شانۆ مێژوویەکی دێرینی هەیە بۆیە هەر کاتێک باسی ڕوناکی بکەین پێویستە ئاماژە بە هەموو گرفتەکان بکەین لە قۆناغە جیاوازەکاندا. لە ئێستادا کە بە سەردەمی عەولەمە ناوزەد دەکرێت تەکنیک و تەکنەلۆژیای ڕوناکی و ڕەنگ لە شانۆدا وەکو ڕەمزێک تایبەتمەندی خۆی هەیە بەشدارییەکی کاریگەر دەکات لە پێکهاتەی نمایشی شانۆیی، هەر بۆیە لە میانی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم پرسیارە دەخەینە ڕوو:

پرسیار: بەهای ڕوناکی و ڕەنگ چیە لە نمایشی شانۆیی دا؟

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:

١) بەشی شانۆی پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان

٢) تیپ و گروپ و سەنتەرەکانی تایبەت بە هونەری شانۆ

٣) نووسەر و دەرهێنەر و توێژەر و ڕەخنەگری شانۆیی

٤) قوتابیانی بەشی شانۆ لە ناوەندە ئەکادیمییەکان

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

١. تیشک خستنەسەر گرفت و ئاستەنگەکانی ڕوناکی لە قۆناغە جیاوازەکانی شانۆدا بەتایبەتی لە شانۆی کۆندا.

٢. بەکارخستنی تەکنیکی ڕوناکی و ڕەنگ وەکو هێمایەک لەمیانی پێکهاتەی نمایشی شانۆیی دا.

٣. دیارخستنی پەیوەندی ڕوناکی و ڕەنگ بە سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیای شانۆیی.

٤. کاریگەری ڕوناکی و ڕەنگ لە پێکهاتەی نمایشی شانۆیی دا لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی.

**میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕوناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا) توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە تیشک دەخاتە سەر گرنگی و شێوازی بەکارخستنی ڕوناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا.

**سنوری توێژینەوە:**

هەرێمی کوردستان – عێراق – هەولێر

بۆ ئەم مەبەستە لەمیانی ئەو نمایشانەی کە گرنگیەکی زۆریان بە ڕۆڵی ڕوناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا داوە، توێژەر (١) نموونەی هەڵبژاردووە بە مەبەستی شیکردنەوە و کاریگەری ڕوناکی ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا.

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### تەوەرەی یەکەم: شێوازی بەکارهێنانی ڕوناکی لە شانۆی کۆندا:

هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی، ڕوناکی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە ژیانی کۆمەڵگادا، مرۆڤ سەردەمی کۆن لەکاتی سەرکەوتنی جەنگدا ئاگریان لەسەر شاخەکان دەکردەوە وەکو هێما و ڕەمزی سەرکەوتن هەروەکو لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەردا هاتووە و تاکو ئەمڕۆش لە جەژنی نەورۆزدا چەندین میللەتی ڕۆژهەڵاتی ئاگر دەکەنەوە وەکو هێمای سەرکەوتنەکان و سەرهەڵدانی ئازادی مرۆڤایەتی. ئەگەر باسی شانۆ بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە سەردەمی گریکەکان لە یۆنان کە شانۆ لە ڕۆژدا لەبەردەم تیشکی خۆردا نمایش دەکرا بەتایبەتی لە وەرزی بەهار و پایزدا و لە بۆنەکان، تەنانەت بۆ دیمەنی شەو لەسەر تابلۆیەک هێمای ئەستێرەی شەوانیان بەکاردەهێنا، گریکەکان لە کاتی نمایشی شانۆیی دا ڕووداوە درامیەکانیان لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا کۆتایی پێ دەهێنا وە زۆربەی دیمەنەکان لە ڕۆژدا پێشکەش دەکران. (محمد حامد، ١٩٧٥، لا١٦).

شانۆی گریکەکان و ڕۆمانیەکان لەبەردەم تیشکی خۆردا پێشکەش دەکران لە هەندێ دیمەندا مەشخەلیان بەکاردەهێنا بۆ بەرجەستەکردنی ڕووداوە درامیەکان کە مەشخەڵەکان لە لایەن کۆرسەوە بەکاردەهێنرا چونکە لە شانۆی گریکەکان و ڕۆمانیەکان کۆرس ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لە بونیادی دیمەنە درامییەکاندا، بەتایبەتی لە شانۆی ڕۆمانیدا زۆرترین مەشخەڵیان بەکاردەهێنا وەکو ئاماژەیەک یان ڕەمز بۆ سەرکەوتنی حەق بەسەر ناحەقدا. (هەمان سەرچاوە، ١٩٧٥، لا٢٤).

دوای ئەوەی شانۆ چووە ناو کەنیسە و نمایشە شانۆییەکان لە فەزای کراوەدا چووە ناو فەزای داخراو یاخود تەقسی ناو کەنیسە، شانۆ کەوتە بەردەم قۆناغێکی تر و سەرجەم نمایشە شانۆییەکان لە خزمەتی ئاینی و مەسیحی و کەسایەتیە ئاینیەکانی ناو کەنیسە بوو وەکو

قەسیس و مەتران و سەرجەم کەسایەتییەکانی تری ناو کەنیسە، لەناو کەنیسەدا کە شانۆ نمایش دەکرا (مۆم)یان دادەگیرساند بۆ ڕوناک کردنەوەی فەزای شانۆ و بینراوە درامیەکان و خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی کە گوزارشتی لە شێوە و ناوەڕۆکی فەزای کەنیسە دەکرد. (دیڤید، ١٩٨٥، ل٣٦٢).

سەرچاوەکانی ڕوناکی و ڕۆشن کردنەوە تەختەی شانۆ لەکاتی نمایشی شانۆیی دا لە سەردەمە جیاوازەکان بە چەندین شێواز تاقی دەکرایەوە، لە سەردەمی بوژانەوەدا کە شانۆی تەقلیدی یان شانۆی ناو هۆڵ کە سەرەتا لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا و پاشان لە سەرجەم وولاتانی جیهان بەچەندین دیزاینی جۆراوجۆر هۆڵ دروست کرا، هەر لەو سەردەمەدا لەسەر تەختەی شانۆ، ڕوناکی زەیتیان بەکاردەهێنا لە نمایشی شانۆیی دا کە جۆرە چرایەکی پێشکەوتوو بوو لە دونگی ئاژەڵ دروست دەکرا و لەکاتی نمایشی شانۆیی بۆ رۆشن کردنەوەی فەزای شانۆ بەکاریان دەهێنا (عبدالوهاب، ١٩٨٥، ل٤٨).

لە سەدەی شانزەهەم تاکو سەدەی نۆزدەهەم تەکنیککارانی بواری شانۆ چەندین ئامرازیان تاقی کردنەوە بۆ مەبەستی ڕۆشن کردنەوەی فەزای شانۆ وەکو بەکارهێنانی فانۆس و لۆکس و بەکارهێنانی هاوێنەی تیشکدەر، کە لە سەرچاوەی وزەی خۆرەوە تیشکەکانیان لە ڕێگەی چەند کونێکی لایەنەکانی سەر تەختەی شانۆ ڕوناکی تیشکی خۆریان پێچەوانە دەکردەوە و ئاراستەی سەر تەختەی شانۆیان دەکرد بۆ ئەوەی دیکۆر و ئەکتەرەکان بەشێوەیەک دەربکەون کە بینەر بتوانێت چیتر لە نمایشە شانۆییەکە وەربگیرێت، ڕوناکی لەسەرر فەزای شانۆ بەرجەستە بکەن. (هەمان سەرچاوە، ل٥٣).

ئەوەی شایەنی باسە لە سەردەمە جیاوازەکانی شانۆی کۆندا، تا ئەو کاتەی کارەبا دۆزرایەوە شانۆ گەورەترین کێشەی قەیرانی ڕوناکی بوو چونکە سەرجەم ئەو ئامرازانەی بۆ ڕوناک کردنەوەی شانۆ بەکاردەهێنران گرفتی زۆری هەبوو زۆرجاریش دەبووە هۆی ئاگرکەوتنەوە و سوتانی ئەکتەر و بینایەی شانۆ بەتایبەتی سەر تەختەی شانۆ، هەر بۆیە بزووتنەوەی شانۆ لە

جیهاندا بە قەیرانێکی درێژخایەن تێپەڕی و لە هەمان کاتدا چەندین شاکاری شانۆیی ناوازەش پێشکەش بە بینەران دەکران.

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی ڕوناکی و ڕەنگ لە شانۆی نوێ دا:**

هەر کاتێک باسی ڕوناکی بکرێت پێویستە ئاماژە بە داهێنەری ڕوناکی زانای بەناوبانگی جیهانی (تۆماس ئەلفا ئەدیسۆن ١٨٤٧ – ١٩٣١) بکرێت، ئەدیسۆن داهێنەری چەندین ئامێری تەکنیکی و ئەلیکترۆنی بوو وەکو ئامێری فۆتۆگراف و ئامێری وێنەگرتنی سینەمایی و چەندین ئامێری ڕوناک کردنەوە، بەڵام دواجار ساڵی (١٨٧٦) یەکەم کەس بوو کە جیهانی ڕوناک کردەوە بە داهێنانەکانی لە تاقیگە و دروست کردنی سەرچاوەی ووزەی کارەبا (الباهلی، ٢٠٠٩، لا٥٧).

ئەوەی شایەنی باسە دوای داهێنانی ووزەی کارەبا بەتایبەتی لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم تەکنیک و تەکنەلۆژیا ساڵ دوای ساڵ گەشەی سەند لە سەرجەم بوارەکانی ژیان، هەربۆیە سەدەی بیستەم بە سەدەی پێشکەوتنی تەکنیک و تەکنەلۆژیا ناودەبرێت، شانۆکان گەشەی سەند و چەندین ئامێری جۆراوجۆر بۆ مەبەستی ڕۆشن کردنەوەی تەختەی شانۆ داهێنرا، وەکو ڕوناکی (فەیزی) و (سپۆت لایت) و (فۆلۆ) و چەندین بلاجکتۆری جۆراوجۆر کە لە ڕێگەی ئامێری (دیمێر) لە ژووری کۆنترۆلی ڕوناکی مامەڵە لەگەڵ سەرجەم بلاجکتۆرەکانی فەزای تەختەی شانۆ دەکرا و بەپێی پلانی دەرهێنەر ڕوناکی ئاراستەی ئەکتەر و سەرجەم ڕەگەزەکانی سەر تەختەی شانۆ دەکرا کە بووە مایەی پێشکەوتنی بزاڤی شانۆ لە جیهاندا. (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٩، لا٦٩).

یەکێک لەو ئامێرانەی کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە نمایشی شانۆیی دا بریتیە لە ئامێری دیمێر یان ئامێری کۆنترۆلی ڕوناکی بۆ مەبەستی ڕوناک کردنەوە و تاریک کردنی فەزای شانۆ کە ئەندازیاری ڕوناکی کاری لەسەر دەکات بۆ مەبەستی ڕۆشن کردنەوەی تەختەی شانۆ و بەهێزکردن و کزکردنی ڕێژەی ڕوناکی بۆ ناو بلاجکتۆرەکان، ڕێژەی ڕوناک کردنەوەی بلاجکتۆرەکانی سەر تەختەی شانۆ پەیوەستە بە شێواز و جۆری دیمەنەکان و ڕووداوەکان و

بەشداری کردن لە دەستنیشانکردنی کات و شوێنی ڕووداوەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزەکانی سینۆگرافیای شانۆ وەکو (ئەکتەر، دیکۆر، جلوبەرگ، ئارایشت، ئێکسسوار، موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان) و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بینەر (عثمان، ٢٠١٦، لا١٩٩).

لە نمایشی شانۆیی دا ڕوناکی و ڕەنگ دوو ڕەگەزی سەرەکین لە پێکهاتەی بونیادی درامی لە فەزای شانۆدا، چونکە لە دەستپێکی هەر نمایشێکی شانۆیی دا ڕوناکی فەزای شانۆیی ڕوناک دەکاتەوە و بینەر چاوی بە ڕوناکی و ڕەنگەکان و سەرجەم بینراوەکانی سەر تەختەی شانۆ دەکەوێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی شێوە و ناوەڕۆکدا سەیری پێکهاتەکانی سینۆگرافیای فەزای شانۆیی بکەین، دەبینین ڕوناکی و ڕەنگ ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە دیاری کردنی کات و شوێن و خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی و دەرخستنی ئاماژەکان و هێماکان. ڕوناکی و ڕەنگ بەشداریەکی کاریگەر دەکەن لە دابەشکردنی دیمەن و تابلۆکان و سەرجەم بینراوەکانی سەر تەختەی شانۆ و پاراستنی میزانسێنی ڕووداوە درامییەکان. دابەشکردنی ڕوناکی و ڕەنگ لە هونەری سینەما و شانۆدا بەشێوەی بوقعە یان بەشێوەی گشتی یان سپۆت لایت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دەرخستنی جولە و ئەدای ئەکتەر و بەستنەوەی ڕووداوەکانی دەرەوەی تەختەی شانۆ بە ڕووداوەکانی ناوەوە، لە شانۆی مۆدێرندا ڕوناکی و ڕەنگ زۆرجار جێگەی دیکۆر دەگرێتەوە، بەتەواوی فەزای شانۆ کۆنترۆل دەکات بەشێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی. (القاسمی، ٢٠١٢، لا١١١).

لە نمایشی شانۆیی دا پێویستە ڕێکخستن هەبێت لەنێوان ڕوناکی و ڕەنگدا بەشێوازێک بێت کە بگونجێت لەگەڵ ستایلی شانۆییەکان و هزر و خەیاڵی دەرهێنەر و ئەکتەر و تەکنیک کاران بجولێنێت بۆ ئەوەی داهێنانی هونەری ئەنجام بدەن و پەیامێکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی ببەخشن بە بینەر.

**تەوەرەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی ڕووناکی و ڕەنگ لە شانۆی ژیاندا:**

ڕووناکی و ڕەنگ کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە شانۆ و لە ژیاندا، شانۆ ڕەنگدانەوەی ئاوێنەی ژیانە کەواتە شانۆ و ژیان تەواوکەری یەکترن بە دوو دیدی جیاوازدا، هەر لەسەر جەختکردنی ئەم پەیوەندییە و تاوتوێکردنی جیهانی ڕووناکی و ڕەنگ چەندین نموونەی زانستی ئەم بوونەیان سەلماندووە، ڕەنگ دیاردەیەکی گشتی فیزیکە، سروشت و ڕووناکی و ڕەنگ چاوگی سەرەکین ئەمەش بەهۆی ئەو تیشکانەی ڕەنگی ئەو شتانە وەردەگرن کە بەری دەکەون، چ بە وەرگرتن و چ بە لێکەوتنەوە لە ڕێگای چاوەوە ڕەنگەکان دەبینین و بەهۆی ئەو دەمارانەی پەیوەستی بنکەی بینین لەناو مێشکدا لێکدەدرێنەوە و لەیەکدی جیا دەکرێنەوە و دەناسرێنەوە، سەبارەت بەو وتەیەش کە ڕەنگ دیاردەیەکی سروشتییە بەڵام ڕووناکی دیاردەیەکی فیزیکییە هەردووکیشیان بەچاو دەبینرێت وە کاریگەری لەسەر هەست و نەست دروست دەکەن، بۆ یەکەم جار لە مێژووی زانستی ڕەنگدا لەلایەن زانای فیزیکۆلۆژیاوە (ئیسحاق نیوتن ١٦٤٢-١٦٧٢) کە هەستا بە کۆمەڵە تاقیکردنەوەیەک لەسەر بابەتی شیکردنەوە و شیتەڵکاری تیشکی خۆر و ڕەنگەکانی شەبەنگەخۆری، ڕەنگەکانی (پەلکەزێڕینە)ی دەستکەوت کە بریتین لە حەوت ڕەنگە سەرەکییەکە بەم ئەزموونە زانستییەی نیوتن تیۆری ڕەنگی سپی پووچەڵ کرایەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی ئاوێزە شوشەییەوە، کاتێک ڕەنگە سپیەکەی خۆر چووە ناو ئاوێزەکەوە، گۆڕانی بەسەرداهات و تەنها بە ڕەنگە سپیەکەیەوە نەمایەوە بەڵکو شی بوویەوە ئەوەی نواند کە تەنها کاری ئاوێزەکە شیکردنەوە و جیاکردنەوەی بووە کە نەک گۆڕینی، ئەم کۆمەڵە ڕەنگەش ئەو حەوت ڕەنگە سەرەکییەن بە زادەی تیشکی خۆر ناودەبرێن ڕەنگەکانیش ئەمانەن: (سوور، نارنجی، زەرد، سەوز، شین، نیلی، وەنەوشەیی، بەم هەنگاوە دەروویەکی گەلێک فراوان بەڕووی جیهانی ڕەنگدا کرایەوە). (سالار، ٢٠٠٩، ل٦٥-٦٦).

زانایەکی دیکەی ئەڵمانی (د. ئۆسوالد – Oswald)، ساڵی (١٩١٧) لە باسێکدا کە بڵاویکردەوە، دەستنیشانی پتر لە (٩٠٠) ڕەنگی تیادا کردبوو.

ڕەنگەکان لەڕووی فیزیکەوە، دەکرێن بە دوو جۆر، یان دوو بەشەوە، بەپێی (سایکل):

یەکەم: ڕەنگە کرۆمانیکییەکان (Chromatic colors)، بریتیە لە چوار ڕەنگە سەرەکییەکەی شەبەنگەڕۆژ، واتە: زەرد، سوور، شین، سەوز.

دووەم: ڕەنگە ئەکرۆماتیکییەکان (Achromatic colors)، هەردوو ڕەنگی، ڕەش و سپی دەگرێتەوە.

هەر لە هەمان بابەتی ڕەنگدا دوو حاڵەت هەیە:

١. هارمۆنیک (Harmony of Colors)، واتە گونجاندنی ڕەنگ ئەو پەیوەندییە ڕەنگییەیە، ڕەنگێ لە ڕەنگێکی دیکە نزیک دەبێتەوە و بەیەکەوە دەگونجێن، چ لە ڕووی چاوگە ڕەنگییەکەوە، چ وەک شەپۆلە ڕەنگی و (لەرە) ڕووناکییەوە و لەناو چوارچێوەی (بازنە) ڕەنگدا وەک: هارمۆنی نێوان: سوور و نارنجی و زەرد و کەسک و شین.

٢. دژەڕەنگ (Contrast of colors) ئەو ڕەنگانەی دژ بە یەکدین:

أ. لە بازنەڕەنگدا، پتر بە پێکهاتەی میکانیزم، ناوی ئەو دژە ڕەنگانە دەبرێ.

بەم شێوەیە: سووری بنچینەیی، دژە بە ڕەنگی کەسک و کەسکیش پێکهاتەی دوو ڕەنگە کە زادەی زەرد و شینە.

ب. هەر کۆنتراست واتە دژەڕەنگەکان، بەم جۆرە لێوەی دەدوێن:

بەرامبەر گشت ڕەنگێکی بنچینەیی (ناپێکهاتەیی) ڕەنگێکی پێکهاتەی لاوەکی، یا ڕەنگێکی پێکهاتەی دووانەیی کە ڕەنگێکی ناپێکهاتەیی بەرامبەری دەبێتەوە، جگە لەو ڕەنگە سیانییانەی بەپێی پێکهاتەیان لەتەک یەکدا هاوتا دەبنەوە. (هەمان سەرچاوە، ٢٠٠٩، ل٦٦-٦٧).

لەڕووی فیکری و هونەری و ئیستاتیکییەوە ڕووناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆییدا کاریگەری زۆریان هەیە بەسەر نمایشکاران و بینەراندا، ڕووناکی و ڕەنگ ئامرازێکن بۆ دیاریکردنی کات و شوێن و دەرخستنی ڕووداوە دراماییەکان و هەستکردنی ئەکتەر بە حاڵەتە دیاریکراوەکان یان تابلۆ هونەرییەکان بەشێوازی کۆمیدی یان تراژیدی یان میلۆدرامی، لە هەمان کاتدا کاریگەری دەخاتە سەر هەست و نەستی بینەر بەشێوەیەک وای لێ دەکات کە بچێتە ناو ڕووداوە دراماییەکان و هەست و نەستییان بجولێنێت.

**تەوەرەی چوارەم: پەیوەندی نێوان ڕوناکی و ڕەنگ بە ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا:**

پەیوەندی نێوان ڕوناکی و ڕەنگ بە ڕەگەزەکانی سینۆگرافیاوە پەیوەندییەکی گرنگە لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی چونکە سینۆگرافیا بە هەموو ڕەگەزەکانیەوە بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی نمایشی شانۆیی وە سەرجەم ڕەگەزەکان کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە وە بەشدارن لە بونیادی درامی شانۆیی.

ڕووناکی و ڕەنگ جگە لەوەی بەشێکی گرنگ پێک دەهێنن لە سینۆگرافیای نمایشی شانۆیی لەهەمان کاتدا هاوکارێکی گرنگن لە دەرخستنی ڕەگەزەکانی تری سینۆگرافیا وەکو ئەکتەر و دیکۆر و جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسسوار کە لە فەزای نمایشدا ئاماژەن بۆ چەندین دەلالەتی فیکری و هونەری. ئەکتەر لە نمایشی شانۆیی دا ڕەگەزێکی سەرەکی و گرنگە، هەموو ڕەگەزەکانی تری سینۆگرافیا ئامرازێکن بۆ ئەوەی ئەکتەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و پەیامی نووسەر و دەرهێنەر بگەیەنێت بە بینەر، ڕوناکی و ڕەنگ و سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری بەشداریەکی گرنگی ئەکتەر دەکەن لە دیاریکردنی کات و شوێنی ڕووداوەکان، وە خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی سایکۆلۆژی بۆ ئەکتەر، دەرخستنی باری سروشتی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەکتەر، هەمدیسان هاوکارێکی گرنگن بۆ ئەوەی ئەکتەر بتوانێت بەتەواوی ڕوچێتە ناو دەورەکەی، هەروەها بەشدارن لە دیاریکردنی ریتمی دیمەنەکان و جولەی ئەکتەر چونکە ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ مامەلەیەکی هەستی و ویژدانی لەگەڵ سەرجەم رەگەزە بینراوەکانی سەر شانۆ دەکات، روناکی و رەنگ ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دەرخستنی جل و بەرگ و ئارایشت و ئێکسسواری ئەکتەر بۆ ئەوەی بینەر بتوانێت بە بەردەوامی چاودێری بکات و لەگەڵ وێنە درامیەکاندا بژی و چێژی لێ وەربگرێت، ڕووناکی و ڕەنگ بەشداری کاریگەریان هەیە لە قووڵکردنەوەی ڕووداو و ململانێکان بە ئاراستەی لوتکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی نمایش و گەیاندنی فیکر و فەلسەفەی نمایشە شانۆییەکە. (رشید، ٢٠١٣، لا٦٩)

ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ کاریگەری گرنگیان هەیە لەسەر تەختەی شانۆ بەتایبەتی ئەو روناکیەی کە تیشک دەخاتە سەر پارچەکانی دیکۆر بەشێوەیەکی جوان دەیانخاتە بەرچاوی بینەر، وەک

ئاشکرایە کوتلەکانی دیکۆری شانۆیی ڕەنگاوڕەنگن بۆیە پێویستە ئەو ڕوناکیە ڕەنگاوڕەنگەی ئاراستەیان دەکرێت گونجاو بێت بەشێوەیەک کە ڕەنگی دیکۆرەکە نەشێوێنێ و هێما و ماناکان بە ئاراستەیەکی تر نەبات چونکە نەخشەکێشی دیکۆر لەکاتی دیزاینی دیکۆر ڕەنگەکانی بەشێوەیەک دابەشکردووە لە ڕەنگدانەوەی شێوە و ناوەڕۆکی بیرۆکە و بابەتە درامیەکەیە هەر بۆیە پێویستە هەماهەنگی هەبێت لەنێوان نەخشەکێشی دیکۆر و ڕوناکی لە نمایشی شانۆیی دا لەسەر بنەمایەکی هونەری و زانستی کە هێماکانی وێنە بینراوەکان پارێزراو بێت و شێوە و ناوەڕۆک یەکتەر تەواو بکەن. (تاهیر، ٢٠٢٠، ل٢٥٤).

بەهای فیکری و فەلسەفی و ئیستاتیکی دیکۆری شانۆیی بەشێکە لە بونیادی شێوە و خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی لە نمایشی شانۆیی دا، ئەو ماددە خامانەی لە دیکۆری شانۆیی دا بەکاردەهێنرێت پێویستە گونجاو بن و وێنەکان بەجوانی بگەیەنن لەمیانی کوتلەکان و پارچەکان لە سەرئەنجام دیکۆری گشتی پێک دەهێنن تەنانەت سایک و پەردەکانی شانۆش دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی دیکۆر، هەندێکجار ڕەنگەکانی ڕووناکی گۆڕانکاری بەسەر ڕەنگی سایک و پەردەکاندا دەهێنن، ئەگەر سایکەکە ڕەنگی ڕەش بوو، ڕووناکیەکی ڕەنگ سەوزی ئاراستەکرا ڕەنگەکە دەگۆڕدرێ بۆ ڕەنگی مۆر بەمەش ماناکەی دەگۆڕدرێ هەر بۆیە پێویستە هەردوو دیزاینەری ڕووناکی و دیکۆر بە لێزانینەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکان بکەن و مەبەستی دەرهێنەر بەجێ بگەیەنن و سەرجەم ئەو ڕەنگانەی بەکاری دەهێنن گونجاو بێت لەگەڵ کەش و هەوای نمایشە شانۆییەکە. (عبدالوهاب، ٢٠٠٨، لا٧٣)

جل و بەرگ ڕەگەزێکی گرنگە لە نمایشی شانۆیی دا، بەهۆی جل و بەرگەوە دەتوانین باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سروشتی و سایکۆلۆژی ئەکتەر دەربخەین، جل و بەرگ هاوشێوەی دیکۆر ڕەنگی جۆراوجۆر لەخۆی دەگرێت، هەر ڕەنگێک بۆ مەبەست و دەلالەت و ڕەمزێک بەکاردەهێنرێت، وە هەموو ڕەنگەکان بەهای فیکری و ئیستاتیکی تایبەتیان هەیە، بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕەنگ بۆ سەر جل و بەرگ زۆر هەستیارە و پێویستی بە مامەڵەیەکی زانستی و هونەری هەیە، ئەگەر تیشکی ڕوناکی سور ئاراستەی پارچەیەک جل و بەرگی شین بکەین

دەبینین ڕەنگەکەی بەشێوەی ڕەش بەدەردەکەوێت و گۆڕانکاری بەسەر ڕەنگە بنەڕەتیەکەدا دەهێنێت، بەهەمان شێوەش ڕەنگەکانی ئێکسسوار بەهۆی تیشکی ڕوناکی ڕەنگەکان گۆڕانکاریان بەسەردادێت، کاتێک ڕەنگی ڕووناکی سەروبنەوشەیی بەکاردەهێنرێت سەرجەم ڕەنگەکانی جل و بەرگ و ئێکسسوار گۆڕانکاریان بەسەردادێت. پەیوەندیە ڕەنگیەکان پێویستە لەسەر بنەمای خواست و داواکاری بێت کە دەرهێنەر بەرپرسیاری یەکەمە لێی، پێویستە ڕێکخستن هەبێت لەنێوان پارچەکانی جل و بەرگ و ئێکسسوار تاکو بەشێوەیەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی دەرکەون و بەپێی خواستی کاراکتەرەکە ڕەنگەکان دابنرێن و هێمابەخش بن، پێویستە پەیوەندیەکی فیکری و هونەری هەبێت لەنێوان ڕەنگەکانی ڕوناکی و جل و بەرگ و دیکۆر و ئارایشت و تاکو بتوانن ئاوێتەی یەکتر ببن و لەهاوکێشەی نمایشدا یەکتری تەواو بکەن. (تاهیر، ٢٠٢٠، ل٢٥٥).

جل و بەرگ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دەستنیشانکردنی کات و شوێن و خوڵقاندنی کەش و هەوای نمایش، بۆ هەر ڕەگەزێکی جل و بەرگ مانابەخشێکی سۆزداری هەیە کە پەیوەستە بە بیرۆکەیەکی دیاریکراوە، ڕەنگی سپی هێمای ئاشتی و پاک و بێگەردی و قوربانیدانە، ڕەنگی ڕەش هێمای ناخۆشی و تاریکی و ترس و تاوان و شەڕە، ڕەنگی سوور هێمای کوشتن و خوێن و ئاگر و کوشتنە، بەهەمان شێوە هەموو ڕەنگەکان هێمابەخشن، هەر بۆیە ئەو ڕەنگانەی بۆ جل و بەرگی ئەکتەر بەکاردەهێنرێت دەبێت بەتەواوی بگونجێت لەگەڵ کەسایەتی ئەکتەرەکە، هەربۆیە بەپێی دیمەنەکان هەر گۆڕانکاریەک بەسەر کەسایەتی ئەکتەردا بێت دەبێت ڕەنگەکانی جلوبەرگ و مۆدێلەکەی بگۆڕدرێت کە ئەمەش ئەرکی دەرهێنەر و دیزاینەری جل و بەرگە لە نمایشی شانۆیی دا. (القاسمی، ٢٠١٢، ل١٠٧).

ئارایشت رەگەزێکی گرنگە لە نمایشی شانۆییدا، بەهۆی ئارایشتەوە دەتوانین شێوە و تەمەن و هەموو گۆڕانکاریەک لەسەر دەم و چاو و ڕووی ئەکتەردا بکەین، لەکاتی ئارایشتکردنی ئەکتەردا چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن بۆئەوەی ئەکتەرەکە بەجوانترین شێوە دەربکەوێت، هەر دەورێکی ئەکتەر پێویستی بە ئارایشتێکی تایبەت هەیە، پێویستە تەبایی و

گونجاندن و ڕێکخستن هەبێت لەنێوان ڕەنگەکانی ئارایشت و جل و بەرگ و ڕوناکی، لەشانۆیی کۆمیدیادا ڕەنگەکانی ئارایشت بەشێوەیەکی تۆخ و بریقەدارن بەڵام لەشانۆیی تراژیدیا ڕەنگەکانی ئارایشت خامۆشن و بەشێوەیەک دەردەکەون لە سیمای خەمباری پێوە دیاربێت و ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی کارەکتەر بێت، پێویستە ئەو تیشکی ڕووناکیەی ئاراستەی دەم و چاو و سیمای ئەکتەرەکە دەکرێت کاریگەری نەرێنی نەبێت بەسەر ئەکتەرەکەوە، بەڵکو دەبێت دەم و چاوی ئەکتەرەکە زۆر بەجوانی دەربخات تاکو بینەران بتوانن سیمای کاراکتەرەکان بناسن و پێی ئاشنا بن، ئارایشت هۆکارێکی گرنگە کە هاوکاری ئەکتەر دەکات بۆچوونە ناو دەورەکەی جگە لەوەی ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری لە نمایشی شانۆیی دا. (هەمان سەرچاوە، ٢٠١٢، ل١٣٧).

لە شانۆی نوێ دا زۆر گرنگی بە ئارایشت دەدرێت بۆ بەرجەستەکردن و دەستنیشان کردنی وێنەی کەسایەتیەکان وە هەر گۆڕانکاریەک بەسەر کەسایەتیەکەدا بێت بەهەمان شێوە پێویستە گۆڕانکاری بەسەر شێوازی ئارایشتەکە دابێت بەتایبەتی لە هەڵکشانی تەمەن و گۆڕانی فسیۆلۆژی.

# بەشی سێیەم

# جێبەجیکردنی توێژینەوە

**کۆمەڵگای توێژینەوە:**

لەمیانی گەڕان و پشکنین بەنێو نمایشە شانۆییەکانی هەرێمی کوردستان کە لەنێوان سالآنی (٢٠١٤-٢٠٢٠) کە لە شارەکانی کوردستان نمایش کراون زیاتر لە (٢٦) نمایش لەخۆدەگرێت. توێژەر بە مەبەستی شیکردنەوە (١) نموونەی شانۆیی هەڵبژاردووە کە ڕۆڵی ڕوناکی و ڕەنگ بەشێوەیەکی کاریگەر تیشکی خراوەتەسەر.

**ئامرازی توێژینەوە:**

١. بینینی نمایش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو هۆڵە شانۆییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان، تیشک خستنە سەر شێواز و چۆنیەتی بەکارخستنی ڕەنگ و ڕووناکی لە نمایشی شانۆیی دا.
٢. بینینی نمایشە شانۆییەکان لە ڕێگەی سی دی.
٣. بینینی نمایشە شانۆییەکان لە ڕێگەی یوتوب (You tube).

**میتۆدی توێژینەوە:**

توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

**نموونەی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ تیشک خستنە سەر ڕوناکی و ڕەنگ نمونەیەکی شانۆیی شی دەکاتەوە کە لەم شانۆگەرییەی خوارەوە پێکهاتووە:

**نموونەی توێژینەوە**

**شانۆی (تاریکتر لە شەوەزەنگ)**

**نووسینی: د. دلشاد مستەفا**

**سینۆگرافیا و دەرهێنانی: ئەرسەلان دەروێش**

**ڕۆژانی نمایش ٢٠١٨/١٢/٢٦ و ڕۆژانی دواتر**

**لەسەر شانۆی هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ/هەولێر**

**بەرهەمی تیپی شانۆی سالار**

بیرۆکەی ئەم شانۆگەریە باس لە زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو دەکات لەسەر زمانی نەوەکانی دوێنێ و ئەمرۆ کە هەریەکەیان داکۆکی لە سەردەمەکەی خۆی دەکات، کارەکتەری (خانی لەپ زێڕین) شانازی بە ڕابردوو دەکات کە بە سەردەمێکی زێڕینی لە قەلەم دەدات بەڵام کارەکتەری کوڕ باس لە زەمەنی ئێستا دەکات لە زەمەنی عەولەمەیە بەڵام کارەکتەری کچە نیگارکێش هەوڵ دەدات لە ڕێگەی تابلۆکانی هەردوو سەردەمەکە ئاوێتەی یەکتر بکات خانی لەپ زێڕین لەو نمایشەدا دەگەڕێتەوە بۆ ژیان بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لەناو ئەو تابلۆیەدا بکاتەوە کە مەینەتیەکانی کورد بەرجەستە دەکات وە دووپاتی دەکاتەوە کە مێژوو خیانەتی لە کورد کردووە هەر بۆیە کارەساتەکان تەواو نابن. دەرهێنەر لە نەخشەسازی سینۆگرافیادا لە باگراوندی شانۆ تابلۆیەکی گەورە پیشانی بینەر دەدات کە کارەکتەرەکانی ناو تابلۆکە ئەکتەرن بەسەر و سیما و جل و بەرگی جۆراوجۆر کە بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەون لە بەشی پێشەوەی ڕاستی شانۆ کارەکتەری خانی لەپ زێڕین بە جل و بەرگی کەلتوری نەتەوایەتی ڕەنگی قاوەیی و دەستی ڕاستی بە زێڕ داپۆشراوە، لە بەشی پێشەوەی چەپی شانۆ کارەکتەری کچە وێنەکێش هەیە کە خەریکی وێنەکێشانە و خۆی ئامادە دەکات بۆ کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری لە (پاریس) کە جل و بەرگی ڕۆبی وێنەکێشانی لەبەرە، هەرچی کارەکتەری کوڕەکەیە لەناو تابلۆی باگراوندی دواوە دێتە دەرەوە و دەکەوێتە گفتوگۆ و ململانێ لەگەڵ کەسایەتی (خانی لەپ زێڕین) کە پانتۆڵێکی زەرد و کراسێکی نیوقۆڵی قاوەیی

لەبەرە. فەزای شانۆ پانتاییەکە لە ڕەنگ، دەرهێنەر هەوڵی داوە هەموو ڕەنگەکان بەکاربهێنێ بۆ دیمەنە شانۆییەکان لەپێناو خولْقاندنی کەش و هەوایەکی درامی و سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی وەکو بەکارهێنانی ڕوناکی و رەنگی (سور، شین، زەرد، سەوز، مۆر، پرتەقالی، سپی، رەساسی) وە لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ڕوناکی و ڕەنگەکان کارەکتەرەکان و تابلۆ گەورەکەی دواوە درەوشاوە و پڕ دەلالەت و مانائامێز دەردەکەون. دەرهێنەر هەوڵیداوە یاری بە ڕەنگەکان بکات لەناو ململانێی درامی دا لەم نمایشەدا ڕەنگی سوور هێمای سەردەمی ڕابردووی خوێناویە، بەڵام ڕەنگی سەوز هێمای ژیانێکی نوێیە و ڕەنگی زەرد منای هەڵهاتنی خۆرە لە بەرەبەیانێکی نوێتردا وە ڕەنگی شین وەکو دەلالەتی بەردەوامی ژیانە بە تراژیدیا و کۆمیدیاوە، هەروەها بەهۆی بەکارخستنی ڕەنگەکان پانتایی فەزای نمایشی فراوان کرد و ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەڕان بەدوای نهێنیەکانی ژیان. بەشێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی ڕووناکی و ڕەنگ لەم نمایشە شانۆییەدا لە هەندێ دیمەندا جێگەی دیکۆری گرتۆتەوە و بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر فەزای نمایش دروستکردووە، ئەم نمایشە شانۆییە بە ستایلێکی هاوچەرخانە کە دەرهێنانی بۆ کرابوو هەربۆیە دەرهێنەر گرنگی بە سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری دابوو بەتایبەتی تیشکی تەواوی خستبووە سەر بەکارخستنی ڕووناکی و ڕەنگ لەم نمایشە شانۆییەدا، هەربۆیە لە فەزای نمایشدا ڕووناکی و ڕەنگ زۆر بەجوانی کەرەستە و کوتلە و کاراکتەرەکانی شانۆییەکەی بەدیاردەخست هەروەها ڕووناکی و ڕەنگ بەشدارییەکی کاریگەری هەبوو لە گەرمکردنی ململانێی نێو دیمەنە شانۆییەکان. (تاهیر، ٢٠٢٠ ل٢٥٨)

**کاریگەری ڕووناکی و ڕەنگ لە شانۆیی (تاریکتر لە شەوەزەنگ):**

لەم نمایشە شانۆییەدا ئاماژەکانی ڕووناکی و ڕەنگ لە سەرجەم دیمەنە درامییەکاندا بەدەردەکەون، دەرهێنەر مامەڵەی لەگەڵ سەرجەم ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەدا کردووە کە خۆی لە حەوت ڕەنگدا دەبینێتەوە کە پێکهاتووە لە ڕەنگە سەرەکییە گەرمەکان و ساردەکان، ئەمەش بەشێوەیەکی هونەری ڕووناکی و ڕەنگ کاریگەری لەسەر هەست و نەستی نمایشکاران

کردووە هەربۆیە سەرجەم دیمەنەکان بەشێوەی چەندین تابلۆی جوولاو دەردەکەون، لە شانۆی مۆدێرندا ڕووناکی و ڕەنگ کاریگەری سایکۆلۆژی و هونەری و ئیستاتیکی هەیە بەسەر ڕۆڵی ئەکتەر و هەست و نەستی بینەر، لەمیانی سینۆگرافیادا دەرهێنەر هەوڵی داوە سەرجەم ڕەگەزەکان لە ڕێگەی ڕووناکی و ڕەنگەوە جوانتر بەدەربخات کە پڕن لە ئاماژە و هێما و دەلالەتی شانۆیی، ئەو هێما و ئاماژانە دەربڕی چەندین حاڵەتن هەربۆیە بۆ هەر حاڵەتێکی درامی بینەر شیکردنەوەی لا دروست دەبێت، ڕووناکی و ڕەنگ لەم نمایشە شانۆییەدا بۆتە سیمبولی دەروازەی دیمەنە شانۆییەکان چونکە کاتێک کە ڕووناکی دادەگیرسێت هەست بە دیمەنێکی سیحراوی هونەری دەکرێت وە توانراوە بە شێوەیەکی میزانسێن ڕووناکی و ڕەنگ دابەش بکات بەسەر کەرەستە و کوتلە و بینراوە شانۆییەکان هەربۆیە دەتوانین بڵێین لەم نمایشە شانۆییەدا زیاد لە پێویست دەرهێنەر بۆ دەرخستنی ڕووداوە درامییەکان متمانەی لەسەر ڕووناکی و ڕەنگە کە ئاوێتەی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا دەبەخشن و لە کۆتاییدا پەیامێک ئاراستەی بینەرانی ناو هۆڵ دەکەن.

## بەشی چوارەم

## دەرئەنجام و پێشنیازەکان

**یەکەم/ دەرئەنجامەکان:**

لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

- ڕووناکی و ڕەنگ بەشدارییەکی کاریگەر دەکەن لە دەرخستنی فەزای نمایشی شانۆیی.
- ڕووناکی و ڕەنگ بەشداریەکی کاریگەر دەکەن لە دیارخستنی کات و شوێن.
- ڕووناکی و ڕەنگ بەشداریەکی کاریگەر دەکەن لە خوڵقاندنی کەش و هەوای درامی و سایکۆلۆژی لە نمایشی شانۆییدا.
- ڕووناکی و ڕەنگ وەکو هێما بەکاردێت بەتایبەتی بۆ ئاماژەپێکردنی سیمۆلۆژیای شانۆیی.
- ڕووناکی و ڕەنگ لە هەندێک نمایشی شانۆیی جێگای دیکۆر دەگرنەوە.
- پێویستە پەیوەندییەکی فیکری و هونەری هەبێت لەنێوان ڕووناکی و سەرجەم ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری.
- ڕووناکی و ڕەنگ هاوکارن بۆ دەرخستنی ڕەگەزەکانی تەکنیکی هونەری و ئەکتەر لە دیمەنە شانۆییەکاندا.
- ڕووناکی و ڕەنگ کاریگەری زۆریان هەیە بۆ دەرخستنی ڕووداوە درامییەکان لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی.

**دووەم/ پێشنیازەکان:**

- پێویستە بابەتی ڕووناکی و ڕەنگ بەشێوەیەکی گرنگ بخوێندرێت بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
- پێویستە کادیری پسپۆر ئامادە بکرێت بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری ڕوناکی و ڕەنگ لە نمایشە شانۆییەکان لەسەر بنەمایەکی هونەری و زانستی.
- پێویستە هۆڵە شانۆییەکانی کوردستان بە تەکنیکی ڕووناکی و ڕەنگی مۆدێرن بنیاد بنرێت.
- پێویستە دەرهێنەرە شانۆییەکان گرنگییەکی تەواو بە ڕووناکی و ڕەنگ بدەن لە نمایشی شانۆیی چونکە ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ دەرخستنی سەرجەم ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا.
- پێویستە ئەکتەر بەشێوەیەکی پرۆفیشنال مامەڵە لەگەڵ ڕووناکی و ڕەنگ بکات لەکاتی نواندن دا لەسەر بنەمایەکی هونەری و زانستی.
- پێویستە وۆرکشۆپی تایبەت بکرێتەوە لە شارەکانی کوردستان بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە دەیانەوێت پسپۆری وەربگرن لە بواری ڕووناکی و ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی.

## سەرچاوەکان


١. ئەحمەد سالار، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال، ٢٠٠٩.

٢. د. رياض شهيد الباهلي، سيمياء الضوء في المسرح، بغداد، جار الشؤون الثقافية العامة، ٢٠٠٩.

٣. د. عثمان عبدالمعطي عثمان، تصميم المسارح عبر العصور، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠١٦.

٤. سمير عبدالمنعم القاسمي، جماليات السينوغرافيا في العرض المسرحي الإيمائي، عمان: دار الرضوان للنشر والتوزيع، ٢٠١٢.

٥. شكري عبدالوهاب، الإضاءة المسرحية، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥.

٦. كلير ديفيد، الإضاءة المسرحية، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥.

٧. كريم رشيد. (٢٠١٣). جماليات المكان فى العرض المسرحي المعاصر. بغداد: دار و مكتبة عدنان.

٨. لويس مليكة. (بدون تأريخ). الديكور المسرحي. القاهرة: الدار المصرية للتأليف والترجمة.

٩. محمد حامد على، الإضاءة المسرحية، جامعة بغداد: كلية الفنون الجميلة، ١٩٧٥.

١٠. د. ژیلوان تاهیر، جوانیەکانی ڕەنگ لە نمایشی شانۆیی دا، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، بەرگی (٦)، ژمارە (١)، زستانی (٢٠٢٠)، هەولێر.